کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-6-2007 15:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەی وەزیری تەندروستی پێشوو ؛ لای کێ دادگایی بکەین؟ ... دکتۆر چیا محەمەد قەرەداغی

ڕۆژی 6/6 خاتونیك بەناوی نازەنین عوسمان ؛ لەو سایتەی کوردستان نیت نووسیویەتی تالەبانی سەریری وەزیرەکەت بکە؛ وەزیری تەندروستی ؛ خەلك ئازادە؛ جی دەنوسی ؛ بەڵام خۆزگە خۆزگە ئەو خاتونە باسی وەزیرە گەندەڵەکەی بیشووی تریشی دەکرد ؛ دکتۆر محەمەد خوشناو ؛ کەچەندە گەندەڵ بوو ؛ ئەی خاتوون خو ئەو بیاوی مامەبوو ؛ خاتوون ئەنفلەوەنزای دروی بالندەتان بیر چوو کەمندالیکی چاو کەشی بەستەزمان و حەمەسوری قارەمانیش بوونەقوربانی ؛ خاتوون ئەمەئەسل و ئەساسی نەبوو ؛ ئەکەر هەی بووایە؛ ریکخراوی تەندروستی جیهانی لەڕاپۆرتی سالانەی نەخوشی ئەنفلەوەنزای بالندەدا باسی دەکرد ؛ خانم باسی هەموو شوینیکی کرد تەنها کوردستان نەبیت رابورتی ئەو ریکخراوە؛ تەنانەت ئیدارەی ئەوسای هەولیر یشی نەکرتەوەو قەتل و عامی مریشکیان نەکرد ؛ ئەری خانم بۆ باسی جونیەتی سوتانی کوکای دەرمانی سلیانی ناکەیت ؛ ئەری خانم بۆ باسی ئەو هەموو کوشك و تەلارانەی بەریز دکتۆر محەمەد خوشناو ناکەیت ؛ بەجی کرد؟ جونی کرد؟ دەزانی لەدواین ئاماری کارمەندانی نەخوشخانەی شورش بۆ خانووەکانی ئەو زاتەکردویانەمەزندەدەکری بەزیاتر لە50 خانوو لەهەموو کوردستان ودەیان هەزار مەتر زەوی ؛ ئەری بۆ باسی کورەکەی ناکەیت کەبەشەهادەی تەزویر لەزانکوی کویەیە؛ بۆ باسی ئەو هەموو بڕۆژانەناکەیت کەبراکەی کردنی و بەسەقەتی تەواوی کردن ؛ بۆ باسی ئەو هەموو ئامیرە تەندروستیە سەقەتانە ناکەیت کەبراکەی هینایی و بەبارەی خەیالی بەملی وەزارەتی دایا ؛ بەراستی ئەوەی بیشوو خانم بەمانای کەلیمەگەندەڵ بوو ؛ وەرەتاوی وەرەبۆ نەخوشخانەکانی شورش ؛ خاتوو نازەنین ؛ تا مەلەفەکەیت بۆ هەل دەینەو ە؛ تەنانەت کارەکەرەکانی مالەوەشی مووجەیان هەیە؛ خاتوون دەزانی ئیستا دکتۆر محەمەد خوشناو بەیەکیك لەملیار دیرەزەخمەکانی سلیمانی ئەزمار دەکری ؛ لەکاتیکدا سالی 96 کەهات بۆ سلیمانی بەپێ هاتوو چۆی دەکرد بەشایەدی هەموو خەلکی سلیمانی و بەربرسانی بالای یەکیەتی ؛ ئەری خاتوون بۆ لەکەل ئەو نووسینەتا تەنها ئەوەندەت نەدەنووسی بۆ تالەبانی ؛ ووت بات ؛ تالەبانی ؛ هەفال جەبار فەرمان بۆ وا لی هات و کی وای لی کرد و دەستی کیی تیدا بوو لەئیفلیج بوونەکەی ؛ تو خودا خانم کەرەم کەو ؛ ساتی وەرەبو نەخوشخانەکانی شورش ؛ تا ئەو هەموو خزم و بیاو و زاتەمومبارەکانەی دکتۆر محەمەد خوشناوت نیشان بدەم کەجون روتبەو بلەی سەربازی ؛ لەسەر شانیان کەوتووەبی ئەوەی لەزیان یان دا تەقەی خوشی شیان کردبی بەدکتۆر محەمەد خوشناویشەوە؛ خاتوون زور مەنون دەبم خەبات و بیشمەر کایەتی و شەهید و ماندوو بونەکەی دکتۆر محەمەد خوشناوم بۆ باس بکەی ؛ تەنها ئەوەندەبو جەنابی دکتۆر زریان بەسە؛ کەشایەدی لەسەر دکتاتورترین دکتاتوری مێژوو سەدام دا ؛ خانم ؛ تو جون زاتی ئەوەت کرد بەراوردی دکتۆر زریان بکەی بەدکتۆر محەمەد خوشناو ؛ خاتوون لەوەزیاترمەمان کەوەهەر کارمەندیکی شورش دەکری شتی بیەلەسەر دکتۆر محەمەد خوشناو ؛ زیاتر لەوەسەرت نایەشینم ؛ ئەوە دکتۆریك لام دانیشتووە دەلی با بۆ ئیمەش بمینی ؛ خاتوون ؛ دزی و گەندەڵی و نهینیەکانی تری وەکو وەرکرتنی زەوی و وەرکرتنەوەی با رەو دولاری وەصلەکانی مەسرو فاتی شورش لە3 شوین و بوونی میوان خانەی وەهمی و وەرکرتنی ئەو هەموو سوتەمەنی و جیمەنتو و مولیدەکارەبایانەی بەناوی شورش لەحکو مەتی وەر دەکرت و رەوانەی کوندەکەی خویانی دەکرد.

وکرینی ئەو هەموو زەویەکشتوکالیەیی ناوچەکەی خویان ؛ کەهەموو دکتۆر و کارمەندانی شورش و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەزارەتی تەندروستی و بەربرسانی حکومی و حزبی یەکیەتی دیویانە؛ کەس نیە ڕۆژانی جومعەنەچوو بیت ودوای نان خواردن و کەرانەوەی لەو بەهەشتە؛ جنیو و رەحمەتی بۆ تالەبانی و محەمەد خوشناو نەنارد بی ؛ خانم نازەنین ؛ نازانم باس جیت بۆ بکەم ؛ ئەوندەزورە؛ ئەوەندەزورە؛ دزی و گەندەڵیەکانی دکتۆرەکەی مامە؛ بەس تو وەرەبو بەریوەبەرایەتی یان نەخوشخانەکانی شورش ئینجا دەزانی ؛ ج باسە؛ خاتوون لەرووم نایەباسی مەوزعی تر بکەم جونکەئەو کات هەموو مان تف لەکوردبوونی خوشمان دەکەین ؛هەست دەکەم تا زیاتر بروم بابەتی تر دیتەناو مەسەلەکە؛ بویە خەتەرەکان شایەنی باس کردن نین لەو مینبەرەبیرۆژەی کوردستان نیت ؛ ب ( خالە عومەر عەزیزی) کوردستان نیتی ئازادو سەربەخو لیمان تورە نەبیت ؛ لەکوتایدا دەلیم خاتوو نازەنین ئەی ئیمەی دکتۆرو کارمەندانی نەخوشخانەکانی شورش ؛ دکتۆر محەمەد خوشناو لەکوی بدەین بەداد کا و خانوو وسەروەت و سامان و مالەخەیالیەکەی؛ کەکوی کردوتەوە بەدزی و لەسەر حسابی کەسو کاری شەهیدان ؛ کی دەستی بەسەر دا بکری ؛؟؟؟

دکتۆر
چیا محەمەد قەرەداغی
دکتۆر لەنەخوشخانەی شورش
7 / 6 / 2007
سلیمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.